**دانشنامه جهان اسلام**، زیر نظر غلامعلی حدادعادل ، جلد چهارم، بنیاد دایرةالمعارف اسلامی، تهران ۱۳۷۷[۱۹۹۸]

ئەم کتێبە ژمارەی دانیشتوانی شاری بۆکانی بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ۱۳۷۵[۱۹۹٦]بە ۱۲۰،۲۰ کەس و دانیشتوانی شار و گوندەکانی دەوروبەری بە ۱۷۵،۵٤۱ کەس نووسیوە و گوتوویەتی لە دوو بەخش پێک هاتوە: ۱) بەخشی سیمینە بە دیهستانی بیهی و دیبوکرییەوە(لە ناوەندەکەی گوندی جامەردە)، ئەختاچی رۆژهەڵات (کە ناوەندەکەی گوندی داشبەندە) و ئەختاچی محاڵی (کە ناوەندەکەی گوندی قەرەمووسالو)ە، ۲) بەخشی مەرکەزی کە دیهستانی عێلی گەورک، یەڵتمەر و ئەختاچی دەگرنەوە.

هەندێک زانیاری سەبارەت بە بۆکان کۆن و هەڵەن، وەک ئەوەی گوتوویەتی لە بۆکان لۆکە بەرهەم دێت یا خود باسی قاڵی چنینی بۆکانی نەکردوە. ئاماژە بە شوێنەواری لە مێژینی سماقان و قەڵایچی لە شوێنی خوێدایە و گوتوویەتی بەندی بۆکان کە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ناوی "شەهید کاظمی" لەسەر دانراوە کەوتۆتە بەشی ساینقەڵاوە و عاید بە بۆکان نییە. لەو زانیارییە کۆنانەی وا لە کتێبەکەدایە، باسی حەوزەگەورەیە کە دەڵێ خەڵک لە کاتی بێکاریدا دەچنە سەری – ئەوەش لە کاتێکدا کە دەیان ساڵە سەری حەوزەگەورە گیراوە و ئیتر حەوزەگەورەی جاران نەماوە! هەروەها گوتوویەتی مزگەوتی حەمامیان لە ساڵی ۱۳۲۸[مانگی] دا بنیات نراوە، چەند هەزار کەس بۆ کڕینی مەر و ماڵات و پاتاڵ لە شارەکانی دیکەوە وەک تاران، ئابادان، هەمەدان و مەراغە، دێن بۆ بازاری حەیوان لە بۆکان کە ئەو بە شەممە بازاری نێو دەبات.

دانشنامه جهان اسلام، زیر نظر غلامعلی حدادعادل ، جلد چهارم، بنیاد دایرةالمعارف اسلامی، تهران ۱۳۷۷[۱۹۹۸]